تاراوگە
TARAWGA
سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland
بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەرئەچێت
15 Oktober 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 14
ساڵی یەکەم 15 ئۆکتۆبەری 2018

# دیوار دروست مەکەن، بەڵکو پرد دروستکەن لە نێوانماندا، یەکگرتوین دژی ڕەگەزپەرستی "ڕاسیسزم"




بەو دروشمەی سەرەوە، خۆپیشاندەرە ئەڵمانیەکان ڕۆژی 13 ی ئۆکتۆبەری 2018 لە دژی ڕاسیزم و ڕەگەزپەرستی ڕژابونە سەر شەقامەکانی ئەڵمانیا. ئەم خۆپیشاندانە بە یەکێک لە هەرە گەورەترین خۆپیشاندانەکانی ئەم چەندساڵەی دوای دادەنرێت لە ئەڵمانیادا، دژ بە دیاردەی ڕەگەزپەرستی، چونکە بە پێی ژمارەی بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە ئەوانەی کە ناوی خۆیان تۆمارکردبوو، تەنها چل هەزار بەشدار بوو بوون، بەڵام کاتێک کە خۆپیشاندان دەستی پێکرد، ڕێژەکە بەرزبۆوە بۆ نزیکەی چارەکە ملیۆنیک، واتە دووسەدوو چل هەزار خۆپیشاندەر.

داواکارین لە تێکڕای نوسەران و ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەوڵی سەرکەوتن پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە.




موزەفەر جەعفەر

ئەم خۆپیشاندانە بە گەورەترین وەڵام دادەنرێت دژی ڕاسیست و نازییە تازەکانی ئەوروپا و ئەڵمانیا، کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، لە ئەوروپا ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندان و ژمارەیان ڕوو لە زیادبوونە.

ئەم بەشدارییە زۆرەی خۆپیساندەران بووە جێگای خۆشحاڵی ئامادەکارانی خۆپیشاندانەکە، چونکە ئەوان پێیان وایە کە " ئێمە هەموومان یەکین و لێک جیانابینەوە..! "ئەمە گوتەی ئامادەکارانی خۆپیشاندانەکە بوو، سەبارەت بە سەرکەوتنی ئامانجی خۆپیشاندانەکە.

ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە پێک هاتبوون لە فیدراسیۆنێکی یەکگرتووی ڕێکخراوە ئاشتیخواز و مافەکانی مرۆڤ و چەپەکان و بەرگریکارانی مافی پەناهەندەکان، لە ژێر چاودێری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هایکۆ ماس. پاش کۆتای هاتنی خۆپیشاندانەکە و ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی، کە بەدەستی هێنا، هایکۆ ماس لە تویتێکدا ڕایگەیاند، کە ئەم خۆپیشاندانە سیگناڵێکی زۆر دڵخۆشکەربووە بۆ وڵاتەکەیان، کە تا ئێستا زۆرینەی ڕەهای ئەڵمانیەکان باوەڕیان بە کرانەوە و یەکترقبوڵکردن و خۆگونجاندنە.

پوختەی هەواڵەکە لە سایتی ڕۆژنامەی de Volkskrant ی هۆڵەندییەوە وەریگیراوە.

# کورتە سەرنجێکی کۆمەڵناسییانە سەبارەت بە پەرتووکی شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان 1820 -1920

**نوسینی بەختیار شەمەیی- ئەمستردام**

با ئەم وشانە زۆر درێژ نەبنەوە، لێرەوە مەبەستە سەرەکییەکەی ئەم چەند وشەیە دەرببڕم: کاتێک لە خوێندنەوەی پەڕتووکی (شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان 1820–1920) بوومەوە*، ئەم سەرنجەم لەلا دروست بوو. مامۆستایەکی کۆمەڵناسی ئەڵمانی، پرۆفیسۆر (میشائیل نۆیمان)، لە نووسەری ئەم پەڕتووکە دەپرسێت ((ئەگەر بتوانی نووسین و بەرهەمی سۆسیۆلۆگە کوردە بەناوبانگەکانم بۆ پەیدا بکەیت، بۆ ئەوەی لەکێشەی کورد تێبگەم، هەر زۆر سوپاست دەکەم)) .


(من هەر بە سوعبەتەوە گوتم: ((بەداخەوە کورد جارێ کۆمەڵناسی نییە و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیمان نییە، تا بتوانیین ناوی لێ بنێین – لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگی–ڕەنگە من یەکەم کەس بم کە بمەوێ لەداهاتوودا لەسەر کۆمەڵی کورد بنووسم و منیش جارێ یەک دێڕم نەنووسیووە..)).).

(ئەو بە دەم و چاویدا دیار بوو، کە لە وەڵامدانەوەکەی مندا، تووشی نائومێدیی گەورە و حەپەسان هاتبوو، قسەیەکی گوت، کە تا ئەو ڕۆژەی لەژیاندا بم، بیرم ناچێتەوە. ئەو گوتی: ((چۆن گەلێک دەتوانێ ڕزگار بێت، گەر سۆسیۆلۆگ و لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگیی باشی نەبێت؟)).).

(من بزەیەکم بۆ کرد و ئەو بە سەرسامییەوە لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو: ((کاری سیاسیی جیدی پێویستی بەکاری کۆمەڵناسی باشی سەرکەوتوو هەیە. ئێوە دەوڵەتیشتان بۆ دروست بکرێت، تووشی هەزار و یەک کێشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی زۆر قورس دەبن. خەڵکی سیاسیی، لەناوەڕاستی شەپۆلی شێت و چەمووشی ڕووداوەکاندا قومپاسی (قیبلەنما) پێنەبێت، بەرەو کوێ، لەتاریکە شەودا سەوڵ لێدەدات؟)).).

لە راستیدا ئەو کۆمەڵناسە ئەڵمانییە بەو چەند وشە پڕ مانا و گرنگانە لە بنی هەمانەکەی بۆ داوین. راستە، نەتەوەیەک خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی نەبێت، ژێردەستە و خاک داگیرکراو و دابەشکراو بێت، چۆن و لە چی ڕێگایەکەوە هەوڵی خۆڕزگارکردن و ئازادی و سەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دەدات؟ ئێمەی کورد هێشتا نەخۆمان دەناسین، نە رابردوو و مێژوومان دەزانین، نە شێوازی زانستییانەی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و داگیرکەرانمان دەزانین، هەتا ئێستا هەر وا دەزانین هەموو کێشەیەک هەر بە بەکار هێنانی چەک و زەبروزەنگ چارەسەر دەکرێت، هەربۆیە پاش سەدان ساڵی ژێردەستەیی و دابەشبوون، هەتا ئێستا نەمان توانیوە بە هیچ یەکێ لە ئامانجە رەوا نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان بگەین. لە کۆتایی ئەم چەند وشەیەدا، پێویستە ئێمەی کورد ئەو راستییە باش بزانین: هەتا لەبری ئەو پیشە و نازناوانەی سەرەوە کە ناوهێنراون، نەبینە خاوەنی یەک لەشکر کۆمەڵناس و وەرگێڕی پیشەیی، دەی هەتا هەتایە هەر بە فاشیلی و ناسەرکەوتوویی لە ڕێگای کۆمەڵێ سیاسەتچیی بازرگانی فرمێسک و خوێنەوە، هەر خەریکی سیاسەتی فاشیلانە بین و هەر لەو بازنەی فاشیلێتییەدا سەرگەردان بخولێینەوە.

* شاری سلێمانی و ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان 1820 – 1920.
فازیل کەریم ئەحمەد (مامۆستا جەعفەر). سلێماني،بنکەی ژین، 2006.
تێبینی: ئەو ڕستانەی نێو کەوانەکان لە لاپەڕە 9ی ئەم پەڕتووکەوە وەرگیراون.




ڕەنگە ئێمەی کورد تاکە نەتەوەیەکی سە رووی زەوی بین کە ئەم هەموو بەناو رامیاریزان و چاودێری رامیاری و هەڵسوڕاوی رامیاری و رۆژنامەنووس و هۆزانڤان و پێشمەرگەی دێرین و چالاکوانی بواری مافەکانی ئافرەتان و هونەرمەندی بەناوبانگ و گۆرانیبێژی دەنگناخۆش و ناهونەرمەندمان هەبێت. شانبەشانی ئەمانەش لەشکرێک منداڵی هەژار و برسیی بۆیاخچیی سەر جادەکانیشمان هەبێت، کە ئەمە ئەمڕۆ بووەتە دیاردەیەکی پڕ لە شەرمەزاریی نیشتمانێکی پڕ لە نەوت و ساماندار بە سامانە سروشتییەکان، بەڵام هەتا ئێستا ژمارەی کۆمەڵناسەکانمان لە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕناکات، (کۆمەڵناس بە واتای زانستییانەی پیشەکە)، نەک ئەو کەسەی کە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەک چوار ساڵ هاتوچۆی زانکۆیەکی کردبێت و لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا جگە لە بابەتەکانی خوێندن، چوار پەڕتووکی زانستییانەی کۆمەڵناسیی نەخوێندبێتەوە. ئەم زانستە کۆمەڵایەتییە پێویست و گرنگە، هێشتا لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا نامۆیە و سەریهەڵنەداوە .

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بلاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان.

# هەوڵێك بۆ دیاریکردنی ژمارە و ڕێژەی عەرەب لە کەرکوك لە ساڵی ١٩٤٧دا

| ساڵ | کۆی دانیشتوان | ڕێژەی کورد | ڕێژەی عەرەب | ڕێژەی تورکمان | کەمینەک |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٢٨٥٦٠٨ | ٪٥٥ | ٪١٨ | ٪٢٣ | ٪٤ |
| ١٩٥٧ | ٣٨٨٨٣٩ | ٪٤٨ | ٪٢٨ | ٪٢١ | ٪٣ |
| ١٩٧٧ | ٤٨٣٩٧٧ | ٪٣٨ | ٪٤٤ | ٪١٦ | ٪٢ |

وەک لە بەشەکانی دیکەی ئەم گوتارەدا ئاماژەی پێکراوە، لە سەرژمێری ١٩٤٧دا، باس لە پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتوان نەکراوە، بۆیە بەوردی ناکرێت ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەکان دیاری بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەم بە پێی ئەو زانیارییانەی ئەم سەرژمێرییە دەیانخاتە بەردەستمان ژمارە و ڕێژەی عەرەب لەو سەردەمەی کەرکوکدا چ شا و چ لیوا بخەملێنم. ئەو کاتە تەنها یەک ناحیە، کە سەر قەزای ناوەندی کەرکوک بوو، دەتوانین بڵێین ناحیەیەکی تەواو عەرەبنشین بووە، ئەویش ناحیەیەی مەلحە بوو، کە شارەدێی فاروق ناوەندەکەی بوو. شارەدێی فاروق تەنها ٩٠٢ کەسی تێدا دەژیا. ژمارەی ئاوایییەکانی ناحیەکە ٧٦ ئاوایی بوو، کە ماحوز (١٠١٣)، غەریب (١٠٥٨) لە هەرە گرنگەکانیان بوون. ئەوانی دیکەش فەتحە، عوبەیدیە، عەبباسیە، سەلاحیە، جبوریە، تەللزەهەب، غازیە، دبس، مامسە، مەلحة عەرەب، دغیلەی بچوک، تەلعەلی، سەجرە...تاد. ژمارەی دانیشتوانیان بەسەریەکەوە ١٢٣٥٣ کەس بوون. کۆی دانیشتوانی ناحیەکە بەهەموو گوندەکانیەوە ١٥٣٢٦ کەس بوون و لە ٢٥٢٨ خێزان پێکهاتبوون. ئەم ناحیە و دانیشتوانی بەرهەمی نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عوبێد، جبور و ئەوانی دیکە بوون لە سێیەکانی سەدەی ڕابردوودا. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بوون بەو ژمارە بەرچاوە و سەر بەناوەندی قەزای کەرکوک بوون. دواتر حەوێجەی لێ پەیدا بوو و کرا بە قەزا و ژمارەی دانیشتوانی بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی گەشەیدەکرد، ئێستا باس لە چوارسەد هەزار عەرەب دەکرێت لەو قەزایە. لە تەک ئەم ناحیەدا لە قەزاکانی داقوق و کفریش چەند گوندێکی تێکەڵاو هەبوون کە دانیشتوانیان کورد و عەرەب بوون. هەموو عەرەبەکانی ئەو گوندانە کاتی خۆی پەنایان هێنابووە بەر ئاغا و شێخەکانی ئەم گوندانە، یا لەبنەڕیتدا ماڵە سەید و شێخ بوون هاتبوونە ئەو ناوانە و دواتر خەڵکیان لێ کۆببووەوە و بوون بەو دێیانە. هەموو ئەمانە لە دەرەوەی شاری کەرکوک دەژیان.

هەرچی شاری کەرکوکە تەنها یەک دوو گەڕەکی بچووک هەبوون، کە دەکرێت وەک گەڕەکی عەرەب ناویان ببرێت، حەدیدییەکان کە وەک ئاواییەک لە قەراخی کەرکوک بوو، سەرژمێرییەکە لە گەڵ ئاواییەکانی بەشیر و تازەدا ئاماژەی پێی کردووە و ژمارەی دانیشتوانەکەی بە ٣٩٥ کەس تۆمار کردووە. کەسە بە تەمەنەکانی کەرکوک دەزانن کە گەڕەکی حەدیدییەکان بریتی بوو لە کۆمەڵێک ماڵ کە بەتەنەکە و دار و دەوەن دروست کرابوون، کاتێ مەلیک فەیسەڵ سەردانی کەرکوک دەکات و گەڕەکەکە بەو حاڵە دەبینێت فەرماندەدا هەندێ خانووی قوڕیان بۆ دروست بکرێت. لەوە بترازێت لە یەک دوو کەڕەگی کەکوک کۆڵان هەبوون بە ناوی کۆڵانی عەرەبەکان وەک شۆرجە، قسابخانە و عەرەسەکان. زۆربەی هەرە زۆری عەرەبەکانی دیکە ئەوانە بوون کە وەک فەرمانبەر و سەرباز هاتبوونە ئەم شارە، یا وەک کرێکار لە دوای دەرکردنی نەوت و هەناردەکردنێوە ڕوویان کردە کەرکوک لە لیوا عەرەبییەکانی عیراقەوە وەک بەغدا، مووسڵ، بەسرە، دیالە، دلێم (ڕومادی)، کوت، عەمارە، حلە، کەربەلا، دیوانیة و مونتەفیک (ناسریة) کە ژمارەیان بەسەر یەکەوە بە پێی سەرژمێرییەکە ١٠٩٥٩ کەس بوون. هەڵبەتە لە ناو ئەمانەدا بەتایبەتی ئەوانەی لە مووسڵ، دیالە و کوتەوە هاتبوون کوردیش هەبوون، بەڵام پێدەچێت بەڕێژەیەکی کەم بووبێتن. هەر لەو سەرژمێرییەدا باس لە ٣٨٦١ کەس کراوە کە بەشێوەیەکی کاتی لە کەرکوک بوونە، نەک هەمیشەیی. ئەوانەش بەشێکی کەمیان هەر لەو لیوایانەوە هاتبوون، لە تەک هەموو ئەمانەدا ١٣٢٧ کەسیش لە کەرکوک بوون کە هەڵگری ڕەگەزنامەی بیانی بوون و بەشێکی ئەمانەش خەڵکی وڵاتە عەرەبییەکان بوون.



نوسینی دکتۆر جەبار قادر

بەم شێویە دەتوانین بڵێین لە کۆی گشتیی دانیشتوانی گەڕەکەکانی شاری کەرکوک (٦٧٧٥٦) بەبێ ئاوایییەکان، ڕەنگبێ ژمارەی عەرەب لە دەوروبەری دەهەزار کەسێک بووبێت. لە قەزای کەرکوکیش بە گوندەکانیەوە لە کۆی (١٤٦٩٢٦) ژمارەی عەرەب، لە دەوری بیست تا بیست و پێنج هەزار کەس بووە. بەم شێویە لە هەموو لیواکە بە دانیشتوانی قەزاکانی داقوق، چەمچەماڵ و کفرییەوە کە (٢٨٥٦٠٨) کەس بوونە، ڕێژەی عەرەب دەوروبەری ٢٠٪ دانیشتوان بووە، تورکمانیش ٢٣٪ی دانیشتوانی لیواکەیان پێکهێناوە، هەرچی کوردە ڕێژەی لە ٥٥٪ دانیشتوان زیاتر بووە. ئەم ڕێژانە لە ساڵانی دواتردا گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا دێت. ژمارەی عەرەب ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندا بووە و ژمارەی کورد و تورکمان لە کەمی داوە، بە پێی سەرژمێری ١٩٥٧، کە زمانی دایکی کردووە بە بنەما بۆ پۆلێنکردنی دانیشتوان، کورد ٤٨٪ و تورکمان ٢١٪ی دانیشتوانیان پێکهێناوە، بەڵام عەرەب بووە بە ٢٨٪ی دانیشتوانی لیوای کەرکوک. لە سەرژمێرییەکانی دواتردا ڕەوشە خراپتر بووە، بۆ نموونە لە سەرژمێری ١٩٧٧دا ڕێژەی تورکمان دابەزیوە بۆ ١٦٪ و کوردیش بۆ ٣٨٪ لە کاتێکدا ڕێژەی عەرەب بەرزبووەتەوە بۆ ٤٤٪ دانیشتوان. لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس زۆر لەوەش خراپتر بووە. ئەم گۆڕانکارییە دراماتیکیە لە ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەکاندا ئەنجامی کۆمەڵێک هەنگاو و سیاسەت بوو: لە لایەکەوە هێنانی عەرەب بەلێشاو بۆ کەرکوک و لەهەمان کاتدا دەرکردنی کورد و دابڕینی قەزاکانی چەمچەماڵ، خورماتو و کفری لە پارێزگای کەرکوک لە ساڵی ١٩٧٧. هەرچی دابەزینی ڕێژەی تورکمانەکانە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان بەرزبوونەوەی ناسروشتی ژمارە و ڕێژەی عەرەب و دووەمیش ناونووسکردنی بەشێک لە تورکمانەکان بەعەرەب. لە ئەڵقەکانی داهاتوودا دێمەوە سەر ئەم باسانە.

سەرچاوە:

المملكة العراقية، وزارة الشوؤن الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لعام ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء أربيل، بغداد ١٩٥٤.

## بەشی دووەم: عەزیز نەسین

# ئەو وتارەم دەربارەی دۆزی کورد، کە لەسەری درامە دادگا..!

بەشی دووەم– و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی

بەرگرینامەکانی دۆزەکە: ڕۆژی 1988/6/30 لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ دادگایی کرام و ئەمەی خوارەوە دەقی بەرگرینامەکەمە: سەرۆکی بەڕێز و دادوەرە بەڕێزەکان... گۆڤاری بەناو "ئیکیبینە دۆغرو" لە ژمارەی ماوەی 9–1987/8/15دا ڕاپرسییەکی سەبارەت بە پرسی کورد ئەنجام دا. لەو نێوانەدا ئەو پرسیارە بە تەلەفۆن لە منیش کرا. منیش هەر بە تەلەفۆن ئەو وەڵامەم دایەوە کە لە گۆڤاری ئاماژەبۆکراودا بڵاوکراوەتەوە. پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامەکەم، بەشێک لە پێشوتاری گۆڤارەکە دەخەمە ڕوو: "بابەتەکە جدییە. گرنگترین کێشەی ڕۆژهەڤی تورکیایە".

منیش باوەڕم وایە پرسی کورد جدیترین و گرنگترین کێشەی ڕۆژهەڤی تورکیایە. بەوەیشدا دیارە کێشەیەکی جدییە کاتێک دەستەی پایەبەرزی دادوەرانی ئەم دادگای ئاسایشەی دەوڵەت کە دادگایەکی پسپۆڕی کۆماری تورکیایە، ئێمەمانان سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەت، سا لە هەر دەوڵەتێک بێت، گرنگترین دامودەزگای ئەو دەوڵەتەن. جدیترین پایەی ناو ئەو دامودەزگا هەرە جدییانە لە هەموو دەوڵەتان بێ هیچ گومانێک سەرۆکایەتییەکانی ئەرکانی گشتیی سوپا و سەرۆکەکانیانە. سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا و سەرۆک لە هەر دەوڵەتێکی جیهان دامودەزگا و کەسایەتیی هێندە جدین، کەسانی ئەو دامودەزگایانە بەهیچ جۆرێک پێناکەنن و لە ڕۆژنامەکاندا وێنەیەکی سەرانی گشتیی ئەرکانەکانی سوپا نەبینداوە ڕوو بەخەندە گیرابێت. پێش ئەوەی بچمە سەر بابەتەکە، دەخوازم ببینم و پیشانی ئێوەیشی بدەم دەزگای سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپای تورکیا کە هاوشێوەی هەموو وڵاتێکی تر جدیترین دامەزراوەی دەوڵەتە، بە دەربەستییەکی چۆنەوە بۆ پرسی کوردی، جدیترین کێشەی ئەم ڕۆژگارەی تورکیا، دەڕوانێت. سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپای کۆماری تورکیا تا پێش کودەتای 1980/9/12یش ئەفسەرەکانی ئەرکانی سوپای ڕادەسپارد ئەو پرسە زۆر جدییەی کورد بۆ گەلەکەمان ڕوون بکەنەوە. ئەو ئەفسەرە بەڕێزانەی ئەرکانی سوپا، پارێزگا بە پارێزگا دەگەڕان و چۆنایەتی و ڕاستی و ڕووی ناوەوەی پرسی کوردیان بۆ گەلی خۆمان ڕوون دەکردەوە. یەکێک لەوانە بەناوی یوزباشی ئۆغوز پێش ئەوەی لەبەرامبەر جەماوەر لە ئەرزەڕووم بە مایکرۆفۆن دەست بە قسەکردن بکات، هەمان بابەتی بۆ 120 هەزار هاووڵاتیی ترمان ڕوون کردبووەوە. ئەو قسانەیشی لە خۆوە نەدەکرد. دوو کتێبی بڵاوکراوەی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپای بەدەستەوە بوو. یەکێکیان کتێبی "مێژووی ڤارتۆ" و ئەویتریشیان "تورکەکانی نیشتەجێی دەوروبەری دەریاچەی وان و ڕووباری فورات" بوون. لە هەر یەکێک لەو کتێبانە سەدهەزار دانە چاپ کرابوون و لە بازاڕدا نەمابوون. بڕیار بوو سەرلەنوێ چاپ بکرێنەوە . یوزباشی ئۆغوزی هێژا و ڕاسپێردراوی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپای جدیترین دامەزراوەی کۆماری تورکیا لەبەرامبەر مایکرۆفۆن دەقاودەق ئەم قسانەی خوارەوەی سەبارەت کوردەکانی هۆکاری جدیترین کێشەی تورکیا بۆ ئاپۆڕەی ئامادەبووان دەگێڕایەوە: (چەند تیکەیەک لە قسەکانی وەردەگرم.) .. برادەران، هەرگیز ناهێڵین گەمەمان پێ بکرێت. ئاگامان لە قسەکانمان دەبێت. بینیمان ئەو تیرەیەی کوردی پێ دەگوترێت، برای تورکەکانن. لە هەمان قوڵن. بەڵام تا لە تواناماندا بێت و بۆ ئەوەی کارت نەدەینە دەستی دوژمنان، دەستەواژەی کورد بەکارناهێنین. لە سەرجەم بڵاوکراوەکانی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا و لە بەڵگەنامەکانی مێژووی شەڕدا، هەمیشە وەک تورکمانی ڕۆژهەڵات ناویان براوە. (...) لە بەشە بەرزەکانی سەر شاخەکان و لووتکەکان بەفرێک هەبوو بە هاوین و زستان نەدەتوایەوە. کاتێک خۆر هەڵدەهات، توێژی سەرەوە دەبوو بە شەختەیەکی بریقەدار و سەر بەفرەکانی دادەپۆشی. سەرەوەی ڕەق و ژێرەوەی نەرم دەبوو. کاتێک مرۆڤ بەسەر ئەو بەفرەدا دەڕۆیشت، ئەو شوێنەی پێی پێدا دەنا، ڕوودەنیشت و دەنگی ‹کارت–کورت›ی دەردەکرد. لەم سۆنگەیەوەیە تورکمەنەکانی ڕۆژهەڵات بە کورد ناودەبرێن. ئەوانەی جوداخوازان بە کورد ناویان دەبەن، ڕاستییەکەی، ناوی ئەو دەنگەیە کە لە کاتی ڕۆیشتنی تورکەکانی نیشتەجێی کوێستانە بەرزەکان و هەرێمە بەفراوییەکاندا لەژێر پێیان دەردەچێت". (سەرچاوە: ئیمپراتۆریای ئەیلوول، وەشانخانەی زانستیی ئەربیل توشالپ، 1988، ل 264–265.)... سەرۆکی بەڕێز و ئەندامانی بەڕێزی دەستەی دادوەران! فەرموون من لەبەرئەوەی ئەو تورکمانانەی لەسەر چیا بڵندەکان پێ بە بەفردا دەنێن و دەنگی "کارت–کورت" لەژێر پێیان دەردەچێت، بە کورد ناوپانم بردووە و وەک نەتەوە بەرگریم لە مافە کولتورییەکانیان کردووە، بە سیفەتی تاوانبارکراو لە بەردەم ئێوەدام و خۆم هیچ کاتێک ئەم ڕەوشەم پەسەند نەکردووە .بێ ئەوەی پێویست بکات خۆم بخەمە دۆخێکەوە خاکیبوون بنوێنم، دەڵێم من هەرچەندە یەکێکم لە نوسەرانی چیرۆکی کۆمیدیی هاوچەرخ، کە نەک تەنیا لە تورکیا، بەڵکو لە سەرانســـــــەری جیهانیش



ناسراوم، ددانی پێدا دەنێم دەستەوستان دەبم لە دانانی کۆمیدیایەکی گەورەی وەک ئەوەی لە بڵاوکراوەکانی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا و جدیترین دەزگای کۆماری تورکیادا هاتووە و قسەی ئەفسەرێکی یوزباشیی ئەرکانی سوپایە و بە سرووشوەرگرتن لە شوبهاندنی دەنگی "کارت–کورت" باس لە ئەگەری تورکبوونی کوردەکان دەکات.


سەرۆکی بەڕێز و ئەندامانی بەڕێزی دەستەی دادوەران! دیسان لە کاتی لێپرسینەوەمدا لەم دادگایە گوتبووم ئەم دۆزەی من دۆزێکی سیاسییە. دۆزە سیاسییەکان بەپێی نیشانە سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە بۆیان هەیە دەستیان پێ بکرێت، یان نەکرێت. بەوەیشدا دیارە ئەم دۆزە بەئاشکرا دۆزێکی سیاسییە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرمانگەی داواکاری کۆماریی دادگای ئاسایشی دەوڵەتەوە کراوەتەوە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ لە نووسراوێکدا بۆ وەزارەتی داد وتارەکەی ئێمە بە "جالیبی دیقەت گۆرولوموش" کە بە زمانی تورکیی نوێ واتای "دیقەت چەکیجی گۆرولمۆش" دەگەیەنێت، دادەنێت. واتە پاش دەرچوونی هۆشیارکردنەوە لە وەزارەتی ناوخۆوە، ئەوسا کاروباری دادگاییکردن دەستی پێکردووە، وەزارەتی داد ئەو نووسینە "وەک سەرنجڕاکێش بینراوە"ی کردووە بە هاوپێچی نووسراوی خۆی و ناردوویەتی بۆ فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ و فەرموودەی پێدانی زانیاریی زۆر بەپەلەی خستووەتە سەری.

دادوەرانی بەڕێز! ئێمە زۆر باش دەزانین لە فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ لە کون و قوژبنی نووسینەکانمان دەکۆڵدرێتەوە. هەر سێ ڕۆژ لەمەوبەر لەسەر نووسینێکم کە بەو شێوەیە لێی کۆڵدرابووەوە، لەلایەن بەڕێز یەشار گونایدنەوە کە یەکێکە لە داواکارانی کۆماری لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ، خرامە بەر لێپرسینەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم داواکارانی کۆماری لە دادگاکانی ئاسایشی دەوڵەت بێ هیچ گومانێک وەک ئەرکی سەرشانیان نوسینەکانی ئێمەیان، وەک نووسینی بابەتی ئەم دۆزە خوێندووەتەوە و لێیان کۆڵیونەتەوە و لەبەرئەوەی هیچ تاوانێکیان تێدا نەدۆزیتەوە، بەدواداچوونیان بۆیان نەکردووە .تەنانەت بەخەیاڵیش بیر ناچێت بۆ ونبوونی نوسینەکانم لەبەرچاوان، یان بۆ خەمساردیی داواکارانی کۆماری لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ. لە کاتێکدا ڕەوش بەم جۆرەیە، سەرەتا بە فەرمانی نێردراو لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ وەزارەتی داد و پاشان بە فەرمانی نێردراو لە وەزارەتی دادەوە بۆ فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ ئەم دۆزە کراوەتەوە و ئێمەیش کەوتووینەتە دۆخی تاوانبارکراوانەوە. ڕاستییەکەی، ناردنی نوسراو لەم بارەیەوە لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ وەزارەتی داد و

## ئەگەر لە ناو پەروەردە و فێرکردندا، بەو هەمووزمانە بێگانانە تەنیا زمانی کوردی ببێتە

## هۆی کوشتنی هەستە نەتەوەییەکان، پێویستە بۆ رزگارکردنی دەوڵەت لەو دووفاقییە ئەو یاسایانە بگۆڕدرێن

لەمیشەوە بۆ فەرمانگەی داواکاری کۆماری دەشێت حسێبی پرۆسەی دادوەریی ئاسایی بۆ بکرێت. بەڵام ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەن بۆچوونی تایبەتی خۆم بهێنمە زمان، ناتوانم بڕوا بکەم، سەرجەم ئەو ڕێوشوێنانە دەبنە ڕێوشوێنی ئاساییی دادوەری، چونکە لە تورکیا ڕێکخراوێک هەیە سەری لە لمدا شاردووەتەوە و لە کاتێکدا جەستەی زەبەلاحی لەبەر چاوانە، هەوڵ دەدات وەک شترمورغ خۆی بشارێتەوە و گوایە هەموو کارێکی نهێنیی خۆی لە پشت پەردەی وەزارەتی ناوخۆوە دەشارێتەوە و دەکۆشێت لە ڕێی ئەو وەزارەتەوە جێبەجێی بکات و ئیدی ئێوەیش و هەموومان و سەرجەم نەتەوەی تورک دەزانین ئەو ڕێکخراوە دەزگای هەواڵگریی میللییە و کورتەی ناوەکەی "میت"ە، باوەڕم وایە ئەم دەزگایە داوای کردووە دۆز لە دژی ئێمە بکرێتەوە و –تەنانەت هەر ئەویش ئەو فەرمانەی داوە–. وەک هەموو جارێکیش خۆی لە پشت وەزارەتی ناوخۆوە حەشار داوە و هەر بەراستیش پێی وایە خۆی شاردووەتەوە. دیارە لە ڕەوشێکدا نیم بتوانم ئەم بۆچوونەم بسەلمێنم، بەڵام هۆکاری باوەڕ پێکراوم هەیە بۆ ئەوەی بڕوا بکەم لە مانگەکانی رابردوودا بە هەوڵی ئەو ڕێکخراوە کە ڕووی ناوەوەی بە هەموو قرێژی و گەماریی خۆیەوە کەوتووەتە ڕوو، دراومەتە دادگا. دەبێت ئەوەیش بڵێم ئەگەر بەڕاستی لەم گومانانەمدا لەسەر هەق بم، مۆڵەت بە خۆم دەدەم بڵێم دەزگای هەواڵگریی میللی دەستی وەرداوەتە سەربەخۆییی دادوەرانەی ئەم دۆزە. لەو سۆنگەیەوە، دادوەرانی بەڕێز، بەناوی دادوەریی سەربەخۆوە تکاتان لێ دەکەم ئەوەندەی لە تواناتادا هەیە دەست بکرێت بە لێکۆڵینەوە لەوەی داخۆ دەزگای هەواڵگریی میللی، بەڕاستی، تا چ ڕادەیەک دەستی لەم دۆزەدا هەیە، یان نییە. دادوەران و داواکارانی کۆماریی دادگای ئاسایشی دەوڵەت کە وەک دادگایەکی پسپۆر هاتووەتە دامەزراندن، لێکۆڵینەوە لە وتاری هۆکاری کردنەوەی ئەم دۆزە دەکەوێتە کرۆکی ئەرکەکانی ئەوانەوە، کەچی بێ ئەوەی پێویست بکات و هیچ سوودێکی هەبێت، داواکاری کۆماری بەمەبەستی لێکۆڵینەوە داویەتی بە کەسێکی پسپۆر و بەم کارەیش وا دێتە پێش چاوم بۆ ئەوەی کێشەکەی من بدرێتە کەسێکی تر، بابەتەکە وەک تۆپی ئاگرین لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست فڕێ دراوە . کەسی پسپۆریش لە کۆتاییی راپۆرتی پڕ لە هەڵەی زانستیی خۆیدا دەنووسێت "ئەرک و لێپرسراویی دەستنیشانکردنی هەبوون و نەبوونی پڕوپاگەندەی بەمەبەست، یان بێ مەبەست ئەرک و لێپرسراویی بەڕێزان سەرچاوە باڵاکانی دادوەرییە" و ئەم تۆپە گڕدارەی بۆ دادگای ئێوە هاویشتووە. واتە داواکاری کۆماری و کەسی پسپۆر راستەوخۆ لێپرسراویەتی بابەتێک ناگرنە ئەستۆ، هەرچەندە دەکەوێتە خانەی ئەرک و شارەزاییی خۆیانەوە. لە یەکەم لێپرسینەوەمدا لە دادگاکەتان هۆشیاریی ئەوەم دا ئەم دۆزە بۆ من نا، بەڵکو بۆ سیاسەتی گشتیی هەنووکەییی حکوومەت و دەوڵەت بەگشتی نەکردنەوەی باشترە، یان راستە، چونکە لە مێژە دەزانرێت حکومەتەکان ترسی ئەوەیان نییە هەندێک لە ڕاستییەکان بە داپۆشراوی لە ناو چوارچێوەیەکی تەسکی رۆشنبیراندا بمێننەوە، بەڵام ناخوازن رای گشتی هەمان ئەو ڕاستییانە بزانن. خۆیان لەوە دوورەپەڕێز دەگرن. بۆ نموونە، کتێبی "کۆنووسە نهێنییەکانی ئەنجوومەنی گەورەی میللەتی تورک" کە لە چوار بەرگ پێکدێت و بانکی کار "ئیش بانکاسی" سێ جار چاپی کردووە، تیایدا قسەکانی ئەتاتورک سەبارەت بە کورد سانسۆر نەکراون. بەڵام یەکێک لە گۆڤارەکان لەبەرئەوەی هەمان ئەو قسانەی لەسەر لاپەڕەکانی خۆی بڵاوکردووەتەوە، لە بازاڕ کۆ کراوەتەوە، چونکە تەنیا چەند هەزار رۆشنبیرێکی بژاردە کە بەشی زۆریان دەستەمۆ کراون، دەتوانن لە "کۆنووسە نهێنییەکانی ئەنجوومەنی گەورەی میللەتی تورک"دا وتەکانی ئەتاتورک بخوێننەوە، بەڵام پاش وەشاندنی ئەو وتانە لە گۆڤارێکدا، لەلایەن هەزاران کەسەوە خوێندراونەتەوە . ئەگەر ئەم دۆزە سیاسییەی دژ بە ئێمەیش نەکرایەتەوە، بۆچوونەکانی ئێمە سەبارەت بە پرسی کورد لە گۆڤاری "ئیکیبینە دۆغرو"دا لەلایەن چەند هەزار کەسێکەوە دەخوێندرانەوە و پاش ماوەیەک لە بیر دەکران. بەڵام ئێستا لەبەرئەوەی دۆز کراوەتەوە، ئەو هەواڵانەی لە ساڵێک لەمەوبەرەوە لە رۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە و ئەو بیر و بۆچوون و بەڵگەنامانەی کە لێرە لە میانەی لێپرسینەوە و بەرگریکردن لە خۆماندا زۆر بە بەرفراوانی دەیانخەینە ڕوو، وەک چۆن لە چاپەمەنیدا بڵاو دەکرێنەوە، بەهەمان شێوە دەیانکەین بە کتێب و چاپیان دەکەین. تاقیکردنەوەکانیش پێشانیان داوە قەدەغەی سەر چاپکردنی دەقی بەرگرینامەکانمان بێکەڵکە و بەرگرینامەکانی ناو کتێبێک کە بەشێوەیەکی ئاسایی دەهەزار دانەی لێ چاپ دەکرێت، لە تورکیا و دەرەوەی وڵات بە ڕێگەی کۆپێکردن ملیۆنان دانەی لێ بڵاودەکرێتەوە. ئێمە ناچارین لێرە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرگری لە خۆمان بکەین، چونکە ئەو سزایەی بۆ ئێمە داوا کراوە، سزایەکی قورسە. داوا دەکرێت پازدە ساڵی ڕەبەق زیندانی بکرێین. وەک ئەوەی لە یاسای فیزیادا هەیە، بڕی کاردانەوە یەکسانە بە بڕی کارلێکردن. نە گوڵاومان بەسەردا دەکەن و نە گوڵمان تێدەگرن. بەپێی ئەوەی



عەزیز نەسین

داوای پازدە ساڵ زیندانیکردنمان دەکرێت، بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین، ناچارین جۆرە لێدوانێک لەسەر کێشەی کورد بدەین، کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ سیاسەتی حکوومەت و بەگشتی لەگەڵ سیاسەتی حکومەتەکانی تورکیادا یەک ناگرنەوە. من شانازی دەکەم بەمەوە، چونکە ئەو ڕاستییە زانستییانەی چەندین ساڵە توانای گوتن و ئاشکراکردنیان لە ئارادا نییە، پێم وایە جاری یەکەمە لە دادگایەکدا ئاشکرا دەکرێن. سەرۆکی بەڕێز، بەڕێزان ئەندامانی دەستەی دادوەری! من بەچی تاوانبار دەکرێم؟ لەبەرئەوەی ناتوانین بزانین کەسە شارەواکان کێن، دوو کەسی بیندراو هەن من تاوانبار دەکەن. یەکێک لەوانە پرۆفیسۆر د. کەیهان ئیچەلی مامۆستای یاسای سزا لە کۆلێژی ماف و جێگری سەرۆکی زانکۆی ئیستانبوڵ و پسپۆری ئەم دۆزەیە. زانکۆی ئیستانبوڵ یەکێکە لە زانکۆکانی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا، بەڵام تەواوی زانکۆکانی دنیای هاوچەرخ حسێبی دەرچووی زانکۆ بۆ خوێندکارانی دەرچووی ئەم زانکۆیە ناکەن. ئەویتریشیان بولبان ئاکباشی یاریدەدەری داواکاری کۆمارییە لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبول کە بێ ئەوەی هیچ پێویست بکات، داوای هاوکاریی لەو کەسە پسپۆڕە کردووە . کەسی پسپۆر نەک لەبەرئەوەی لە راپۆرتی خۆیدا منی تاوانبار کردووە، بەڵکو ئەگەر بەهەمان نالۆژیکییەوە منی بێتاوانیش دەربخستبایە، بۆچوونم لەبارەیەوە هەر نەدەگۆڕدرا. رووبەڕووی کەسێکی پسپۆر نا، کەسێکی نەزان بووینەتەوە. لەبەرئەوەی نەزانیی کەسی پسپۆر لەو بوارەدا هێندە روون و ئاشکرایە، من دەمەوێت لەو تاوانبارکردنەی داواکارینامەوە دەست پێ بکەم کە بەڕێز داواکاری کۆماری بە پشتبەستن بە راپۆرتی کەسی پسپۆر ئامادەی کردووە. پێش ئەوەی وەڵامی دانە بە دانەی بانگەشەکانی بەڕێز داواکاری کۆماری بدەمەوە، دەمەوێت لەسەر ئەو مادەیە ڕابوەستم کە منی پێ تاوانبار کردووە. لە داواکارینامەدا وا گوتراوە: دژی دەوڵەتێکی جوداخوازی کوردییە، بنەمای ''دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیە بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە''ی مادەی 3ی دەستورمان وەک بنەمایەک بۆ ڕێگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتی جوداخواز تێدەگات، بۆیە پێی وایە لە بیر و بۆچوونەکانیدا هیچ رەگەزێک نییە، کە ببێت بەهۆی لاوازکردن، یان نەهێشتنی هەستە میللییەکان. دەسەڵاتی مادەی 3 لە دەستورمان ''دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیا بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە. زمانەکەی تورکییە''، لە ئارادایە. لەوێدا لەپاڵ وڵاتدا لە دابەشکردن نەهاتوویی میللەتیش روون کراوەتەوە. لەبەرئەوە بەهیچ جۆرێک ناکرێت باس لە گەلانی پێکهێنەری میللەتی تورک بکرێت و بەشێک لە هاووڵاتییانی کۆماری تورکیا وەک گەلێکی تر پێشان بدرێت. رەفتاری لەو جۆرە خراوەتە بەر سزای مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورک. ڕەفتاری لەو جۆرە خراوەتە بەر سزای مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورک. دادگای باڵای ژمارە 9 ڕۆژی 1976/10/5 لە بڕیاری 48/47 دا ڕەفتاری لەو جۆرە بە:

بڕوانە لاپەڕە 7

# پێبکەنن- تاهەستێکی خۆشتان هەبێت...!

# پێبکەنن تا لەشولارێکی ڕێکتان هەبێ و زیرەك بن...!

## نوێترین زانیاری لەسەر پێکەنین







(گەر پیاوێک بمخاتە پێکەنین،ئەوا بردویەتییەوە)، ئەمەش تایبەتە بەپیاوان و گوتەی ئەستێرەی هۆلیوود (کامیرۆن دیاتزی تەمەن ٤٢ ساڵانە..)!

زۆربەی زۆری خانمانیش بەهەمان شێوە بیردەکەنەوە،(فیلیتسیتای هەینە) کەدیبلۆمی هەیە لە دەروونناسی لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکدا دەریخستووە، کە پیاوان کاتێ بەخولقەوە لەگەڵ خانماندا دەدوێن ئەوا سەرنجڕاکێشترن.

دەروونناسی کەنەدی (ئیریک بریسلەر)یش ئەوەی پشتڕاست کردۆتەوە،(لەسەدا ٦٢ی ئافرەتان بەدوای ئەو پیاوانەدا دەگەڕێن کە دەیانخەنە پێکەنین).

ئاخۆ ئەمە پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟ دەروونناس (گیوفەری میللەر) لەزانکۆی نیومەکسیکۆ دەڵێ: بەخوڵقبوون، زیرەکی و چالاکبوون دەردەخات، ئەمەش بەڵگەیەکە و مانای هەبوونی هزرێکی باش دەگەیەنێ، ژنێک گەر پیاوێکی قسەخۆش و ڕێکپۆش هەڵبژێرێت، ئەوا چانسی زیاترە کە زارۆیەکی ژیرو تەندروست باش بهێنێتە بوون). شیاوی گوتنە تا ئێستا دیار نییە، پیاوان لەبەرچی ژنانی قسەخۆش و بەخولق لەڕێزی پێشەوە دانانێن؟ لە کاتێکدا ئەوانیش حەزیان زیاتر لەو خانمانەیە، کە نوکتەی خۆش دەزانن. بریسلەر پێی وایە: گەر لەسەرەتاوە کەسێکت بەدڵ نییە یاخود، (گەر پیاوێک جێی سەرنج و بایەخت نییە، ئەوا بەنوکتەکانیشی پێ مەکەنە، هەر ئەمەش وادەکات بەگرێنتی خێرا بەلاتەوە گوزەربکات!). پێکەنین زیرەکی بەرهەم دەهێنی..! ئەمە ڕاستە! (ئەوەی لەسەر کار یاخود لە فێرگە پێبکەنێت، ئەوا باشترو زووتر شت فێردەبێت). د.کاریین زایدلەر لەئینستیتۆی ئەڵمانی بۆ کاری کۆمێدی لەلایبزیگ لەمبارەوە دەڵێ:چەندین توێژینەوە بەردەوام ئەو ڕاستییە پێشان دەدەن. هۆیەکەشی لەبەر ئەوەیە؟ لە وەختی ڕووخۆشی و پێکەنیندا ئاوەز ساناتر زانیاری وەردەگرێت و کەمتریش لەبیردەچنەوە، پێکەنین نەخۆشی غەمناکی ناهێڵێ وچالاکییەکان باشتر دەکات.

پێکەنین لەشولارێکی ڕێکت پێ دەبەخشێ..!

ئەوەی ڕۆژانە ١٠–١٥خولەک پێدەکەنێ، نزیکەی ڕێژەی بیست کالۆرین"تاوزە" لە لەشدا دەتوێنێتەوە، (ماتسی بوخۆفسکی) لەزانکۆی ڤاندەربیلت لە لێکۆڵینەوەیەکدا، ئەم گوتەیەی سەرەوەی بەکردار تاقیکردۆتەوە، ئەمەشی بەئەزموون لەگەڵ٩٠ لەهاوڕێکانیدا کردووە، دوای نمایشکردنی دیمەنێکی کۆمێدی، ئینجا ڕێژەی لەدەستدانی کالۆرینیان دەست نیشانکردووە، ئاکام دەرکەوتووە: ١٠خولەک پێکەنین،٥٠ کالۆرین لەلەشدا دەتوێنێتەوە، سەرەڕای ئەوە بۆ ماسولکەو سکیش باش و بەسوودە، کەواتە هەرکەسێک ڕۆژانە ١٠خولەک پێبکەنێ، ئەوا لەساڵێکدا دووکیلۆگرام کێشی لەشی کەمدەکات!

بەڵام ئاگاداربە، پێکەنین دەبێت لە قوڵایی دڵەوە بێت، ئەگینا نابێت!

پێکەنین ئازار کەمدەکاتەوە...!

دەروونناس (ڤیللیبالد روخ) لەزانکۆی زیوریخ، بە بەڵگەوە سەلماندوویەتی، کە ئەو کەسانەی پێدەکەنن کەمتر هەست بەژان دەکەن، بۆئەمەش دەستی هەندێکی خستۆتە ناو بەفراوێک و توانای خۆڕاگریانی تاقیکردۆتەوە، دواتر بۆ مانەوەی زیاتری دەستەکانیان فیلمێکی کۆمێدییان سەیرکردووە، بەمجۆرە جیاوازییەکەیان بۆ دەرکەوتووە.

پێکەنین تەندروستت دەکات..! ئەمەیان هەستیارەو یاریدەی کرداری هەتوان دەدات و دڵەڕاوکێ و سترێسیش ناهێڵێت،هەروەها هۆڕمۆنی شادی کارادەکاو دەبێتە هۆی زۆری بەرهەمهێنانی و پارێزگاریش لەخوێن بەربوون دەکات.

## پێکەنین سەرنجڕاکێشت دەکات....!



### وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: موزەفەر عەزیز

لێکۆڵینەوەیەکی کاردیۆلۆژی کە لەلایەن (میشایل میللەر)لەزانکۆی ماریلاند کراوە، دەریدەخات، کە موولولەکانی خوێن لەکاتی بینینی فیلمێکی بەزمەساتدا لە بەرزبوونەوەدایە و لە فیلمی شەڕوشۆڕیشدا بەپێچەوانەوە لەسەرخۆ و خاو دەبنەوە، بۆیە مەترسی لەسەر کۆئەندامی سووڕی خوێن و دڵ کەم دەکاتەوە.

پێکەنین کۆئەندامی بەرگری بەهێزدەکات..! (دیارە ئەرکی کۆئەندامی بەرگری، ڕێکخستنی ئەندامەکان و خانەکانی لەش و دوورخستنەوەیانە لەماددە ژەهراوی و شیرپەنجەییەکان و لە ناوبردنیانە).. (د.لی بریک) و گروپەکەی لەزانکۆی لۆمالیندا لەکالیفۆرنیا توانیان ساغی بکەنەوە،کەپێکەنین و زەردەخەنە دەزگای بەرگری لەش باشتر دەکەن،ئەوەشیان شیکردۆتەوە لەئانی پێکەنیندا هۆڕمۆنی –گامما– ئازادترەو بەڕێژەیەکی زۆر لەلەشدا بەرهەمدێت و ئەمەش لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە دژی ماددە نامۆکان و شەڕی ماددەژەهراوییەکانی دژ بەلەش دەکات وپێشیان لێ دەگرێت.

چۆن پێکەنینێکی ڕاستەقینە دەناسینەوە؟

پسپۆڕی خۆشی و کۆمێدی( د.کاریین زایدلەر) رای وایە: (لەچاودا،گەر سەیری لۆچەکانی ژێرچاوبکەین، دەتوانین پێکەنینی راستەقینە بناسینەوە،چونکە لەکاتی کەنیندا ماسولکەکانی دەوروبەری چاو کارا نین.

بۆچی پێکەنین لەکەسێکەوە بۆ یەکێکیتر دەگوازرێتەوە؟

د.زایدلەر: (پێکەنین حاڵەتێکی زۆرکۆمەڵایەتییە و زانایان وای بۆدەچن، کە هێماکانی دەم و چاوی بەرامبەرەکەمان ناڕاستەوخۆو ئاوتۆماتیکی وەرئەگرین، بۆئەوەی باشتر لەیەک بگەین، هەرچەندە هێشتا بەتەواویش جاری وا هەیە بۆمان ڕوون نەبۆتەوە).

پزیشک و ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی (ئیکارت هیرشهاوزن)، سەبارەت بە پێنەکەنین دەڵێ: منداڵ لە ڕۆژێکدا٤٠٠ جار پێدەکەنێ، بەڵام گەورە تەنها ١٥جار، هەروەها ڕای وایە هەندێک لە وەختی دیاریکراودا بەهۆی نەشیاوی کات وشوێن ونەگونجانی دەوروبەر ناتوانن پێبکەنن، ئەو پێی وایە، گەر نەبێتە هۆی بریندارکردنی کەسێک و گاڵتەپێکردن، ئەوا دەکرێ لەهەموو کات و شوێنێکدا ئەو هەستە دەرببڕدرێت و قاقا لێ بدرێت، بۆیە لە گوتەیەکیدا دەڵێ: زۆربەی مرۆڤەکان ترسیان (لەبەر نەگونجانی کات و شوێن)، لەوە هەیە بمرن (بقرتێن/بپسێن) لەپێکەنینیان، ئەمەش وادەکات زوو بمرین، چونکە کەم پێدەکەنین. ئیتر هیوای ژیانێکی تەندروست و تژی شادی و پێکەنینتان بۆ دەخوازم.........

سەرچاوە گۆڤاری هەفتانەی "بیلد دێرفراو" ژمارە(٣٨)

بە: ‘‘پڕوپاگەندە بۆ دابەشکردنی نەتەوەی تورک بۆ گرووپی ئەتنیکی، ئەنجامدانی چالاکی بۆ پشتیوانیکردن لە پەروەردە و فێرکردن بە زمانی تری بەدەر لە زمانی تورکی، لە ناوبردن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان‘‘ دادەنێت". دواتر درێژە بە داواکارینامەی بەڕێز داواکاری کۆماری دەدەم، بەڵام بە پێویستم زانی لێرەدا ڕوونکردەوەیەک بدەم. داواکاری کۆماری بەمەبەستی سزادانی من دەڵێت "ئەنجامدانی چالاکی بۆ پشتیوانیکردن لە پەروەردە و فێرکردن بە زمانی تری بەدەر لە زمانی تورکی، بە پڕوپاگەندە بۆ لە ناوبردن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان دادەنرێت" و دەیەوێت لەپای ئەوە من سزا بدرێم. دەبێت ڕاشکاوانە بڵێم زۆر سەرم سوڕما. تکایە با بەڕێز داواکاری کۆماری لێم نەگرێت من ئەم پرسیارە دەکەم : ئایا لە وڵاتێکی زۆر دوور لە تورکیا ژیاون و زۆر نییە هاتوونەتە تورکیا؟ واتە لە تورکیا پەروەردە و فێرکردن بە زمانی تری دەرەوەی زمانی فەرمی (واتە زمانی تری دەرەوەی زمانی تورکی) قەدەغەیە و ئەگەر ئەم قەدەغەیە پێشێل بکرێت، هەستە نەتەوەیییەکان لەناودەچن! ئەگەر وابێت، دەبێت بڵێم لە چی ڕەوشێکی ترسناکداین... چونکە لە تورکیا هەستە نەتەوەیییەکان لاواز بوون، یاخۆ لە ڕەگەوە لەناوچوون. ئایا بەڕێز داواکاری کۆماری نازانێت، بۆ نموونە، لە ئامادەیی کوڕان لە ئیستانبوڵ زمانی ئەڵمانی، لە ئامادەییەکانی ئەڵمانیا و نەمسا دیسان زمانی ئەڵمانی، لە ئامادەییەکانی Notre Dame و Saint Benoitو St. Miche و Saint Joseph زمانی فەرەنسی، لە کۆلێژی ڕۆبێرت و سەرجەم ئامادەییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ئەنادۆڵ زمانی ئینگلیزی و لە ئامادەیی ئیتاڵی زمانی ئیتاڵی دەخوێندرێت و منداڵانی خێزانە خواپێداوەکان لە پێشبڕکێدان – وا دیارە بۆ لە ناوبردنی هەستە نەتەوەیییەکان– بۆ وەرگرتن لەو قوتابخانانە، کە خوێندن تیایاندا بە پارەیە؟ ئایا قەت بەرگوێی کەوتووە لە زانکۆی بۆغازیجی و ئۆرتادۆغو تەکنیک و زانکۆی بیلکەنت کە لەبەر گرانیی خوێندن تیایدا تەنیا منداڵانی گەورە دەوڵەمەندان دەتوانن تیایدا بخوێنن، سەرلەبەری پەروەردە و فێرکردن بە زمانی بیانییە؟ دەمەوێت لەم بارەیەوە مزگێنییەکی تر بدەمە بەڕێزیان. دەست کراوە بە ئامادەکاری بۆ پەروەردە و فێرکردن بە زمانی ئەڵمانی لە زانکۆی ئەڵمانی، بە زمانی عەرەبی لە زانکۆی عەرەبی، بە زمانی فەرەنسی لە زانکۆی فەرەنسی و بە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی ئەمریکایی و بڕیار وایە ئەم زانکۆیانە بەم نزیکانە بکرێنەوە. ئەگەر لە ناو پەروەردە و فێرکردن بەو هەموو زمانەدا تەنیا زمانی کوردی ببێتە هۆی لاوازبوون، یان کوشتنی هەستە نەتەوەیییەکان، پێویستە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵ لەو دووفاقییە ئەو یاسایە بگۆڕین و ڕایبگەیەنین، تەنیا پەروەردە و فێرکردن بە زمانی کوردی هەستە نەتەوەیییەکان لەناودەبات. نازانم منداڵەکانی بەڕێز پرۆفیسۆری پسپۆر و بەڕێز داواکاری کۆماری و دادوەرانی بەڕێز دەچن بۆ کام قوتابخانە لەو قوتابخانانەی قوتابخانانەی، کە بە زمانی بیانی پەروەردە و فێرکردنیان تێدا بەڕێوەدەبرێت، بەڵام 2 منداڵ لە کۆی 25 منداڵی وەقفی نەسین کە خۆم دامەزرێنەریم، ئەمساڵ دەچنە زانکۆ و بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن. بەڕێز داواکاری کۆماری مادەی 3ی دەستوور وەک بیانوو بۆ سزادانی من پێشان دەدات. ئەو مادەیە بەم جۆرەیە: "دەوڵەت و وڵات و میللەتی تورکیا بارستەیەکی لە دابەشکردن نەهاتووە. زمانەکەی تورکییە "... بەڵێ، ڕاستە. ڕێک وەک ئەوەی لە دەقی مادەی 3ی دەستووردا هاتووە، "زمانەکەی تورکییە." ئەگەر پلەی تورکیزانیمان لە ئاستی قۆناغی خوێندنی ناوەندیشدا بێت، پێویستە لێرەدا پرسیاری ئەم بابەتە بکەین. زمانەکەی تورکییە. زمانی کێ تورکییە؟ لە یاسادا راشکاوانە نووسراوە: زمانی دەوڵەتی تورک تورکییە. ئاشکرایە وایە. من پێچەوانەی ئەمەم نەگوتووە. زمانی دەوڵەت واتای زمانی فەرمی دەگەیەنێت. خەیاڵ ناچێت بۆ ئەوەی دەوڵەت زمانێکی تری هەبێت. "زمانەکەی تورکییە" بە واتای "زمانی فەرمی تورکییە" دێت. لە بڕیاری ژمارە 47/ 48ی فەرمانگەی ژمارە 9ی دادگای باڵاشدا کە لە 1976/10/5 دەرچووە و داواکاری کۆماریش وەک سەرچاوە پێشانی داوە، نووسراوە "زمانی فەرمی تورکییە" و بەمەیشدا دیارە مەبەست لە زمانی دەوڵەتە. ئەگەر بەکارهێنانی دەستەواژەی "زمانی فەرمی" پێویست نەبوایە، فەرمانگەی ژمارە 9ی دادگای باڵا لەم بڕیارەدا لەبری "زمانی فەرمی"، "زمانی تورکی"ی دەنوسی. ناکرێت بیر لە زمانێکی تری دەرەوەی زمانی فەرمی بکرێتەوە بۆ دەوڵەت، چونکە لەبەرئەوەی دەوڵەت کەسێکی بەرجەستە نییە، زمانیشی نابێت . نوسین و خوێندنەوە و قسەکردن بە زمانی کوردی بۆ کوردەکانی تورکیا هیچ کاتێک نابێت بە تەگەرە لەبەردەم زمانی فەرمییاندا کە زمانی تورکییە. لەبەرئەوەی ناچارم لێرەدا ڕوونکردنەوە بدەم، داوای لێبووردن لە دادوەرانی بەڕێز دەکەم، ئەوەی بە زمانی فەرمی ناودەبرێت، مەرج نییە زمانی نووسین و ئاخاوتن بێت. زمانی فەرمی واتای ئەو زمانە دەگەیەنێت کە لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت و کاروبارەکانی دەوڵەتدا، بۆ نموونە، لە نووسراو، سەردان، دادگاییکردن، لێپرسینەوە و کاروبارە فەرمییەکانی تردا بەکاردەهێندرێت و لەو ڕۆژەیشەوە کە لە قارەمانماراش زمانی تورکی وەک زمانی فەرمی ڕاگەیەندراوە، هەمیشە بەو سیستەمە کار کراوە و دەکرێت. بۆ نموونە، لە فەرەنسا نەتەوەی جیاواز هەن، بەڵام زمانی فەرمیی هەموویان فەرەنسییە. ئەم ڕەوشە لە ئەڵمانیا و سویسرا و یوگسلافیا و فینلەندایش بەهەمان شێوەیە . من لە کاتێکدا دەڵێم پێویستە دان بە هەموو مافە کولتوورییەکانی گەلی کورددا بنرێت، کوردەکان بتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن، بە زمانی کوردی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەکی تریان هەبێت، هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێک نەمگوتووە با تورکی زمانی فەرمی نەبێت. زۆر خەمگینم لەپای ئەوەی بە گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕاستی کە باوەڕم وایە زۆر باش و ڕەوان دەیانزانن، کاتی بەنرختان دەگرم. زۆر باش لە ڕەوشەکە تێدەگەم؛ بەڕێز داواکاری کۆماری کاتێک ناچار بوو لەسەر داخوازی "میت"ی خۆحەشارداو لە پشت وەزارەتی ناوخۆوە ئەم دۆزە بکاتەوە، بیانووی پتەوی نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەوا سزا بدرێم، بۆیە ناچار کراوە ئەو بیانووانەم بۆ بئافرێنێت کە پێچەوانەی ڕاستین. بەردەوام دەبم لەسەر خستنەڕووی داواکارینامەی بەڕێز داواکاری کۆماری: "بیر و بۆچوونەکانی محەمەد نوسرەت نەسین لە یەکگرتوویی وڵاتدا، گەلێکی جیاوازی کورد و زمان و کولتورێکی جیاواز دەخەنە ڕوو و داوا دەکات، ئەمە وەک ڕاستییەکی مێژوویی پەسەند بکرێت و یاساکانیش بەو ئاڕاستەیەدا هەموار بکرێن. لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوەکان گەیشتنە ئەنجامێک ئەو لێدوانانە بۆ سازدانی ڕای گشتی و هاوبەش پەیداکردن بڵاو کراونەتەوە و مادەی 142/3ی یاسای سزای تورکیان پێشێل کردووە". بەڕاستی بانگەشەیەکی زۆر لە لۆژیک بەدەرە، چونکە من ڕێک ئەوە دەکەم کە بەڕێز داواکاری کۆماری گوتوویەتی و لەبەرئەوەیش بێتاوانم. واتە دەڵێم هەبوونی کورد لە تورکیا ڕاستییەکی زانستییە و هەوڵ دەدەم ڕای گشتی ڕابهێنم بۆ پەسەندکردنی ئەو ڕاستییە و بۆ گۆڕینی بۆچوونی هەڵە و نازانستی مرۆگەل و دەمەوێت کارێکی وا بکەم یاسای نەگونجاو لەگەڵ ئەو ڕاستییە زانستییەدا بە ڕێگەی یاسایی بگۆڕدرێت. ئەمە سرووشتیترین مافی منە وەک هاووڵاتی، بەتەنیا مافیش نییە، بگرە وەک ڕۆشنبیر ئەرکی سەرشانیشمە. نە کەسی پسپۆر، نە داواکاری کۆماری، نە "میت"ی خۆمەڵاسداو لە پشت وەزارەتی ناوخۆوە و نە دادگا ناتوانن ئەم ماف و ئەرکەم لە دەست دەربهێنن. جگە لە مادە لە گۆڕین نەهاتووەکانی دەستوور، دەکرێت دەستوور و هەموو یاساکانی تریش بگۆڕدرێن و داواکردنی ئەو گۆڕینەیش سرووشتیترین مافی هاووڵاتیبوونە. من بۆ داواکردنی ئەو مافەم و بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەم هاووڵاتیم. خۆ ئەوە ئەمڕۆ نەدۆزراوەتەوە کە جگە لە سازدانی ڕای گشتی هیچ ڕێگەیەکی تر نییە بۆ گرتنەبەری ڕێبازی یاسایی بەمەبەستی گۆڕینی یاسای پێچەوانەی ڕاستیی زانستی. من ئێستا لێرە لە هەوڵدام بۆ ئەوەی کارێکی وا بکەم کە داواکاری کۆماری، دادوەران، وەزارەتی ناوخۆ و "میت"ی خۆحەشارداو لە پشتی، گوێگرانی هۆڵی دادگا و خوێنەران، واتە هەموو ڕای گشتیی تورکیا باوەڕ بە ڕاستیی مێژوویی پرسی کورد بهێنن. ئەوەیش ناوی دیموکراسییە. داواکاری کۆماری کە هەوڵی من بۆ سازدانی ڕای گشتی بەمەبەستی گۆڕینی یاساکان بە گرتنەبەری ڕێبازی یاسایی بە تاوان دەزانێت، مەگەر شارەزای شێوازێکی تری دیموکراسییە کە تا ئێستا جیهان پەی پێ نەبردووە؟ با مادەی 142/3ی یاسای سزای تورک کەی داواکاری کۆماری دەیەوێت منی پێ سزا بدات، پێکەوە بخوێنینەوە: "هەرکەسێک بەهەر شێوەیەک پڕوپاگەندە بۆ بەکارهێنانی تێبینیی ئەتنیکی بەمەبەستی هەڵگرتنی بەشێک، یان سەرجەم ئەو مافە گشتییانەی کە لە دەستووردا ناسێندراون بکات، یاخۆ بەهەر شێوازێک پڕوپاگەندە بۆ لاوازکردن، یان کوشتنی هەستە میللییەکان بکات، بە پێنج تا دە ساڵ سزای قورسی زیندانیکردن سزا دەدرێت".

سەرچاوە:

Bulgaristan'da Türkler Türkiye'de Kürtler, Aziz Nesin, Nesin Yayınevi, Istanbul, 2008

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



## دڵشاد کوێستانی


هونەرمەندی شێوەکاری کورد دڵشاد کوێستانی ساڵی 1957ی لە شاری کەرکوکی باشوری کوردستان، لەدایک بووە، هەرلە گەنجییەوە، تێکەڵاوی ناو دنیای هونەر، ئەدەب، گۆرانی و شانۆ بووە، بۆ گژاچوونەوەی، ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسەین، بووە بە پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان، ساڵی 1994 بە ناچاری ڕێگەی گران و ترسناکی ئاوارەیی بە ئێران، تورکیا و یونان گرتەبەر تا لە ئەڵمانیا گیرسایەوە و پاشان وڵاتی مۆنیە و ڕێنواری هەڵبژارد و لە ساڵی 2010 ەوە ڕەگەزنامەی فەڕەنسی وەرگرتووە، ئێستا لە شاری شۆمۆ جێگیربووە، ئێستا ژیانی خۆی بۆ وێنە کێشان تەرخان کردووە و یەکێکە لە هونەرمەند ناودار و گرنگەکانی فەرەنسا و لە یەکێک لە ڕۆژنامە ناودارەکانی فەڕەنسا (لۆمۆند)، وەک هونەرمەندێکی نایاب ناوی دەهێنرێ و کارەکانی بەرز هەڵدەسەنگێندرێت، تا ئێستا لە 5 فیلمی سینەمایدا بەشداری کردووە و لە 20 وڵات پێشەنگاکانی کردۆتەوە و دوا پێشەنگای لە ئازاری ئەمساڵ وڵاتی میسر کردۆتەوە و چەند کەسایەتی هونەری و ئەدەبی و سیاسی و باڵیۆزی فەرەنسی ستیفان روماتی سەردانیان کردووە

بۆ زانیاری زیاتر و کارەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.saatchiart.com/dilshadquestani










# تــاراوگــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807